# ڕوانگەی مامۆستایانی زانكۆ سەبارەت بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە بازاڕگەریی بۆ یەكلاكردنەوەی كڕینی خانووبەرە

**عومەر ئەحمەد ڕەمەزان، ئەنجومەن حسین حەمامین**

بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستانی، عێراق

**پوختە-** ئامانجی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی پشتبەستنی مامۆستایانی زانكۆی سلێمانییە بە سۆشیاڵ میدیا و ڕەنگدانەوەیەتی لەسەر یەكلاكردنەوەی كڕینیان لە كەرتی خانووبەرەدا، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری (وەسفی)ـەو ئامانجی وەسفكردن و شیكردنەوەی دیاردەكان و پۆلێنكردنی داتا و ژمارە و ئامارەكانە پاش كۆكردنەوە و تۆماركردن و شرۆڤەو شیكردنەوە بۆیان، كۆمەڵگای توێژینەوەكە بریتییە مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی، سامپڵی توێژینەوەكە بریتییە لە مامۆستایانی كەمپی نوێی زانكۆی سلێمانی لە شەش كۆلێژ (زانستە مرۆڤایەتییەكان، زمان، كارگێڕی و ئابووری، زانست، پەروەردەی بنەڕەت، ئەندازیاری)، كە ژمارەیان گەیشتە (١٤٩) مامۆستا، بەشێوەی فۆرمی ڕاپێوی پرسیارەكانیان ئاراستە كراوە، پاشان بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) داتا و زانیاریەكان شیكراونەتەوە و ئەنجامەكان دەرهێنراون، لە دیارترین دەرئەنجامەكانی توێژینەوەكە بریتییە لە: مامۆستایانی زانكۆ لە ئاستێكی بەرزدا گرنگی بە بازاڕگەری خانووبەرە دەدەن لە سۆشیاڵ میدیا، بەڵام لە ئاستێكی مامناوەندا پشت بە سۆشیاڵ میدیا دەبەستن بۆ یەكلاكردنەوەی بڕیاری كڕین، هەروەها ئاستی بەكارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لای مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی لە پلەیەكی بەرزدایە، ئەمەش بەرجەستەی هەژموونی سۆشیاڵ میدیا دەكات سەبارەت بە دەستكەوتنی زانیاری تیایدا، فەیسبوك وەك پلاتفۆرمێكی دیاری سۆشیاڵ میدیا بەهۆی تایبەتمەندی فرەجۆر و ئاسانی بەكارهێنانی زۆرترین بەكارهێنەری هەیە، بەڵام بۆ دروستبوونی بڕیاری كڕین لە كەرتی خانووبەرە لە ئاستێكی بەرزدا پشتی پێنابەسترێت، ئەوەش بۆ كەمی متمانەكردن دەگەڕێتەوە بە زانیاری و پەیامی بازرگانی نوسینگەكانی بواری خانووبەرە.

**كلیله ووشەكان:** ڕۆڵ، سۆشیاڵ میدیا، بازاڕگەریی، یەكلاكردنەوە، كڕین، خانووبەرە

## پێشەكی:

سۆشیاڵ میدیا پانتاییەكی فراوانی لە ژیانی هەر تاكێكماندا داگیركردووە، بووەتە ناوەندێك بۆ گەیشتنی تاكەكان بە یەكتر و دروستكردنی پەیوەندی نوێ و هاوبەش لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵگادا، لەسەر ئاستی جیهانیش تواناى تێپەڕاندنی هەموو سنوورەكانی هەیە، بەهۆی هەمەجۆری تایبەتمەندییە ناوازەكانییەوە سەرجەم دامەزراوە حكومی و حیزبی و سەربەخۆكان بۆ گەیاندنی كار و چالاكییەكانیان لەسەرجەم بوارەكاندا پشتی پێدەبەستن، لە ڕوانگەی ئابوریشەوە بووەتە شاڕێگای پێكبەستنی بەرهەمهێنەر و بەكارهێنەر لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەكی، هەروەها بووەتە ناوەندێكی ساغكردنەوە بۆ سەرجەم كاڵا و خزمەتگوزاریی و بیروبۆچوونەكان.

بەم دواییانە زۆرینەی كەرتە بازرگانییەكان بۆ گەیشتنیان بە جەماوەری بەكاربەر و گۆڕینی ڕەفتاری تاكەكان و دروستكردنی بڕیاری كڕین بۆ كاڵاو خزمەتگوزارییەكانیان بەشێوەیەكی فراوان ڕوویان لە بەكارهێنانی سۆشیاڵ میدیا بە گشتی و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بەتایبەتی كردووە، یەكێك لەو كەرتانەش دامەزراوە و نوسینگەكانی خانووبەرەن، كەبەردەوام لە ڕێگای سۆشیاڵ میدیاوە لە هەوڵی دۆزینەوەی بازاڕ و دروستكردنی بڕیاری كڕینن لای جەماوەر بەسەرجەم چین و توێژەكانەوە بە مەبەستی ساغكردنەوەی ئەو موڵكەكانەی نمایشیان دەكەن بۆ فرۆشتن، ئەم توێژینەوەكە تیشكدەخاتە سەر ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە یەكلاكردنەوەی بڕیاری كڕین لە كەرتی خانووبەرە لەلای مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی.

## باسی یەكەم
## میتۆدنامەی توێژینەوە

**یەكەم- كێشەی توێژینەوە:** دامەزراوە و سێكتەرە جیاوازەكان و بەرهەمهێنەرانی كاڵا و خزمەتگوزارییەكان وەك پردێك بۆ گەیشتنیان بە جەماوەری بەكاربەر و ناساندنی براندەكانیان و دروستكردنی بڕیاری كڕین بۆ زیادكردنی فرۆشیان تارادەیەكی زۆر پشتیان بەسۆشیاڵ میدیا بەستووە، هەروەها كڕیارانیش بە هەمان شێوە و تارادەیەك بازاڕگەری خۆیان لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە ئەنجامدەدەن، لەو سۆنگەیەوە كێشەی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، كە ناڕوونییەك هەیە لە ئاشكراكردنی ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە بازاڕگەریی لای مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی بە تایبەت لەسەر یەكلایكردنەوەی بڕیاری كڕین لە كەرتی خانووبەرەدا، بۆ زیاتر ئاشكراكردن و ڕونكردنەوەی ئەو تەمومژییە چەند پرسیارێك نمایشدەكەین كە لەڕێگەی وەڵامدانەوەیانەوە ڕەوشەكە زیاتر لەلامان ئاشكرا دەبێت:

1. ڕادەی بەكارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لای مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی لە چ ئاستێكدایە؟.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 9، العدد 3(2023)؛ عدد الصفحات (14)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n3y2023.pp89-102

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 6 آذار 2023؛ قُبل في 16 نيسان 2023؛ نُشرت في 16 تموز 2023؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: anjwman87@gmail.com, omer.ramazan@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2023 عومەر ئەحمەد ڕەمەزان، ئەنجومەن حسین حەمامین. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 40

2. پشتبەستنی مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی بە سۆشیاڵ میدیا لە چ ئاستێكدایە بۆ دەستكەوتنی زانیاری پێویست دەربارەی جۆری ئەو خانووبەرانەی نمایشدەكرێن بۆ فرۆشتن؟.
3. كام جۆر لە سۆشیاڵ میدیا توانای یەكلاكردنەوەی كڕینی زیاترە لەلای مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی؟.
4. كۆمپانیا و نوسینگەكانی خانووبەرە تاچەند پشتدەبەستن بە سۆشیاڵ میدیا بۆ مەبەستی بازاڕگەری؟.

**دووەم- ئامانجی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە كاردەكات بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێك، لەوانە:

1. زانینی ئاستی گرنگیپێدانی مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی بە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە بازاڕگەری بۆ كەرتی خانووبەرە.
2. زانینی ئاستی پشتبەستنی مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی بەسۆشیاڵ میدیا لە رووی دەستكەوتنی زانیاری پێویست دەربارەی جۆری ئەو خانووبەرانەی نمایشدەكرێن بۆ فرۆشتن.
3. زانینی دیارترین ئامرازی سۆشیاڵ میدیا بۆ یەكلاكردنەوەی بڕیاری كڕین بۆ جۆری خانووبەرە لەلای مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی.
4. زانینی ئاستی پشتبەستنی مامۆستایان بە سۆشیال میدیا سەبارەت بەیەكلاكردنەوەی بڕیاری كڕین.

**سێیەم- گرنگی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكی زانستییە دەربارەی ئاستی پشتبەستنی مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی بە سۆشیاڵ میدیا بە مەبەستی بازاڕگەریی بۆ یەكلاكردنەوەی بڕیاری كڕین لە كەرتی خانووبەرە، لێرەشەوە دەتوانین گرنگی زانستی و ئەكادیمی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە بخەینەڕوو: سۆشیال میدیا رۆژ لەدوای رۆژ، بەگشتی لەسەر ئاستی جیهان و بە تایبەتی لەكوردستاندا ژمارەی بەكارهێنەرانی روو لەزیادبوونە، چوتە ناو هەموو سێكتەرەكانی ژیانەوە، بەتایبەت بازاڕگەری (كڕین وفرۆشتن)ی خانووبەرە، مامۆستایانیش وەك توێژێكی كۆمەڵایەتی بەكاربەر لەهەردوو رووكاری بەكارهێنانی سۆشیال میدیا و كڕینی كاڵا لەو ڕێگەیەوە پشتی پێدەبەستن، هەروەها لەسەر ئاستی زانستی و ئەكادیمی، لە بەشەكانی ڕاگەیاندنی زانكۆ و پەیمانگاكانی هەرێمی كوردستان توێژینەوەی هاوشێوە زۆر كەمە و كار لەسەر (ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە بازاڕگەریی بۆ مەبەستی یەكلاكردنەوەی بڕیاری كڕین) نەكراوە، ئەمەش جۆرێك لە تایبەتمەندێتی بە توێژینەوەكە دەبەخشێت و دەبێت بە خاڵی گرنگی توێژینەوەكە، بەهەمان شێوە كەلێنێك لەكتێبخانەی كوردی پڕدەكاتەوە.هەروەها لەسەر ئاستی پراكتیكی و پیشەیدا دامەزراوە و سێكتەرە جیاوازەكان دەتوانن پشت بە سۆشیاڵ میدیا ببەستن و لە ڕێگایەوە برەو بە كارەكانیان و فراوانبوونی بازرگانییەكەیان بدەن.

**چوارەم- جۆرو ڕێبازی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیەلەجۆری (وەسفی)ـە، بۆ وەڵامدانەوەی كێشەو پرسیاری توێژینەوەكەو گەیشتن بەو ئامانجانەی توێژەر دیاری كردوون، كار بە ڕێبازی ڕاپێوی كراوە.

**پێنجەم- ئامرازی توێژینەوە:** بەمەبەستی دەستكەوتنی زانیاری ورد و پێویست لەسەر بابەتی توێژینەوەكە و هێنانەدی ئامانجەكان، لە توێژینەوەكەدا فۆڕمی ڕاپێوی بەكارهێنراوە، بەو پێیەی فۆڕمی ڕاپێوی یەكێكە لە ئامرازە بە بایەخەكانی كۆكردنەوەی زانیاریی بۆ توێژینەوەكانی بواری گەیاندن، بەكاردەهێنرێت بۆ دەستكەوتنی زانیاریی و زانینی بۆچوون و بیركردنەوەی سامپڵی توێژینەوە.

**شەشەم- كۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوە:**

أ. **كۆمەڵگەی توێژینەوە:** بریتییە لە مامۆستایانی كەمپی نوێی زانكۆی سلێمانی كە بەمەبەست دیاریكراوە.

ب. **سامپڵی توێژینەوە:** بریتییە لە مامۆستایانی كۆلێژەكانی (زانستە مرۆڤایەتییەكان، زمان، كارگێڕی و ئابووری، زانست، پەروەردەی بنەڕەت، ئەندازیاری)، بەشێوەی تیروپشك دەستنیشان كراوە، لەسۆنگەی (٥+١).

**حەوتەم- سنوری توێژینەوە:**

أ. **سنووری جوگرافی:** شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەكەیە، بریتییە لە هەرێمی كوردستانی عێراق- ناوەندی پارێزگای سلێمانی.

ب. **سنووری مرۆیی:** سنووری مرۆیی توێژینەوەكە بریتییە لە مامۆستایانی كەمپی نوێی زانكۆی سلێمانی لە كۆلێژەكانی (زانستە مرۆڤایەتییەكان، زمان، كارگێڕی و ئابووری، زانست، پەروەردەی بنەڕەت، ئەندازیاری).

ت. **سنووری كات:** ماوەی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەكەیە، لە دابەشكردنی فۆڕمی ڕاپێوی، پاشان كۆكردنەوەی زانیارییەكان و شیكردنەوەیان، لە نێوان ماوەی (٢٠٢٢/١٢/٥) بۆ (٢٠٢٣/٢/١٥).

**هەشتەم- ڕاستی و جێگیری توێژینەوە:**

1. **ڕاستی ڕواڵەتی:** توێژەر ڕاستی ڕواڵەتیی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستی فۆڕمی ڕاپرسییەكەی بەكارهێناوە، بەرلەوەی فۆڕمەكە بكرێتە بنەمای كاركردن پیشانی چەند پسپۆڕ و شارەزایەكی بواری ڕاگەیاندن و ئابوری و كۆمەڵناسی دراوە[1]. ئەو پسپۆڕانەی فۆڕمەكەیان بینیوە چەند تێبینییەكیان بۆ فۆڕمەكە زیادكردووە، هەروەها جەختیان لەسەر لابردنی ژمارەیەكی كەم لە بڕگەكان كردووەتەوە، پاشان بڕگەكان ڕێكخراون و فۆڕمەكە لە شێوەی كۆتاییدا ئامادەكراوە كە ئەنجامی ڕاستی فۆڕمەكە دەكاتە (٩٠,٥٧) كە ئەمەش ڕێژەیەكی زانستییە.
2. **جێگیری توێژینەوە:** توێژەر جێگیری فۆڕمی توێژینەوەكەی بەڕێگەی ڕێكی ناوەكی (الاتساق الداخلي Internal Consistency) بە بەكارهێنانی هاوكێشەی (ئەلفاكرونباخ- Cronbach's alpha) دەرهێناوە، بەشێوەیەك بەهای جێگیری دەكاتە (0.839) كە گەورەترە لە بەهای (0.65)، ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە ڕێژەیەكی گونجاوە.

**خشتەی ژمارە (١)**
**ڕاستی جێگیری**

| Reliability Statistics | |
|---|---|
| پێوەری گشتی | بەهای جێگیری (Cronbach's Alpha) |
| ئەلفا كرونباخ | 0.839 |

**نۆیەم- ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوە:**

**ڕوانگە:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە ڕوانگە بینین و تێڕوانینی مامۆستایانی زانکۆیە لە هەڵسەنگاندنی نەرێنی و ئەرێنییان بۆ جۆری ئەو موڵکانەی لە سۆشیاڵ میدیاوە نمایش دەکرێن بۆ فرۆشتن.

**مامۆستایانی زانکۆ:** بریتییە لەو مامۆستایانەی هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر، دکتۆرا)ن لە ناوەندەکانی خوێندنی باڵادا سەرقاڵی وانە وتنەوەن.

**سۆشیاڵ میدیا:** لەم توێژینەوەیەدا سۆشیاڵ میدیا مەبەستی لێی هەموو ئەو ڕێگایانەیە کە دامەزراوە و نوسینگەکانی خانووبەرە لەسەر ئینتەرنێت دەیگرنەبەر بۆ گەیشتنیان بە کڕیاری خانووبەرە.

**بازاڕگەری:** لەم توێژینەوەیەدا چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و کارگێڕییە کە تاك و گروپەکان دەتوانن ئەو شتانە بەدەستبهێنن کە پێویستیانە، لەڕێگەی دروستکردنی بەرهەم و ئاڵوگۆڕکردن و پێشکەشکردنی بە یەکتر.

**بڕیاری کڕین:** پڕۆسەی دیاریکردنی باشترین بژاردەیە لەنێو کۆمەڵێك بژاردە، کە ئەوپەڕی ڕادەی پێویستی و حەزەکانی بەکاربەر بە کەمترین تێچوو پڕ دەکاتەوە.

**خانووبەرە:** لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لێی هەموو جۆرە جیاوازەکانی شوێنی نیشتەجێ بوونە کە پێویستیی سەرەکی هەموو تاک و خێزانێکە لەناو کۆمەڵگە، کە بەردەوام لە هەوڵی بەدەستهێنانیدان.

**دەیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:** هێندەی توێژەر بەدواداچوونی کردووە لە کتێبخانە و سایتە ئەلیکترۆنییەکان توێژینەوەیەکی هاوشێوەو لەژێر هەمان ناونیشاندا نەدۆزرایەوە، بەو هۆیەوە بەیەکەم توێژینەوە دادەنرێت لەبواری ئاماژە بۆ کراودا بە زمانی کوردی.

## باسی دووەم
## لایەی تیۆری توێژینەوەکە

**تەوەری یەکەم: سۆشیال میدیا**

**یەکەم- چەمك و پێناسەی سۆشیال میدیا:**

پاش گەشەسەندنی تەکنەلۆجیا و سەرهەڵدانی وێب٢، چەمکێکی نوێ لە ئاکامی یەکگرتنی زانستەکانی کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن هاتە ئاراوە لە ژێر ناوی (سۆشیاڵ میدیا- Social Media)، کە میدیایەکە بە تەواوەتی پشت بە تەکنەلۆجیای نوێ دەبەستێت، بەوەش جیادەکرێتەوە کەهەموو کەسێك تیایدا نێرەر و وەرگرە، هەروەها ئەم جۆرە لە میدیا ڕێگا بە هاوبەشی پێکردنی بیروڕاو بیرۆکە و کارلێك لەگەڵ ئەوانی تردا دەدات(عبد الفتاح، ٢٠١٤: ص٣٦). پێناسەکان زۆر وفرەن، لەوانە:

- سۆشیاڵ میدیابریتییە لە (کۆمەڵێك پڕۆگرامی ئەنتەرنێتی کە لەسەر کۆمەڵێك بناغە و بنەمای ئایدیۆلۆجی و تەکنۆلۆجی وێب 2.0 بنیادنراون و ڕێگە دەدەن بە دروستکردن و ئاڵوگۆڕکردنی ناوەڕۆکەکان لە نێوان هاوبەشەکانیدا Looy, 2016: P27).
- سۆشیاڵ میدیادا بریتییە لە کۆمەڵێك ئەپلیکەیشن کە تاکەکان پێکەوە دەبەستنەوە، و یارمەتیدەرە بۆ ئاڵوگۆڕی بۆچوون و ئەزموون لە نێوانیاندا (نهاد و آخرون، ٢٠١٧: ص٤٠).
- سۆشیاڵ میدیا ئاماژەیەکە بۆ چەندین پێگەی دیجیتاڵی کە ڕێگە بە هاوبەشەکانی دەدات لاپەڕەی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن، کە لە ڕێگەیەوە لەگەڵ ئەوانی تر هاوبەشی دەکەن لە دەق و دەنگ و کەرەستەی بینراو و بابەتی میدیای جۆراوجۆر (الغفيلي، ٢٠١٧: ص٣٢).

**دووەم- تایبەتمەندییەکانی سۆشیاڵ میدیا:**

1. **کارلێکی:** کارلێکردن تونای پەیوەندییەکی نوێیە و وەڵامدانەوەیەکە لەلایەن بەکارهێنەرانییەوە، پڕۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانیش لە میدیای نوێدا سەریهەڵداوە، کە تیایدا وەرگریش توانای بەشداریکردنی هەیە. جگە لەوەی توانیویەتی وەرگرو نێردەر لە یەك کەسدا کۆبکاتەوە (حەمەسەعید، ٢٠٢٠: ل٧٦).
2. **جیهانیبوون:** یەکێکی دیکە لەو تایبەتمەندێتیانەی کە میدیای نوێ یاخود سۆشیاڵ میدیای پێ جیادەکرێتەوە بە جیهانیبوونیەتی، ئینتەرنێت بەشێوەیەکی گشتی توانیویەتی هەموو سنورە جوگرافی و سیاسییەکان تێپەڕێنێت (أمين، ٢٠١٥: ص٩٤).
3. **ئاسانی بەکارهێنان:** سۆشیاڵ میدیا بەشێوەیەك بنیادنراوە کە ئاسانبن بۆ بەکارهێنان، بەجۆرێك پێویستی بە کەمێك زانیاری لەسەر بنەماکانی تەکنۆلۆجیا هەیە بۆ بڵاوکردنەوە و گەیشتن بە پەیوەندی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە (الرعود، ٢٠١٢: ص٣٦).
4. **ئاسانی هەڵگرتن و پاشخانکردن:** لە ڕێگای ئەرشیفکردنی ئەلیکترۆنی کاری پاشخانکردنی پەیامەکان و ئەو ناوەڕۆکانەی خراونەتەڕوو بۆ وەرگر ئاسان دەکات، هەروەها کاری گەڕاندنەوە بۆ بابەتە پاشخانکراوەکان لەو کاتەی وەرگر ویستی لەسەریەتی فەراهەمکردووە (أمين، ٢٠١٥: ص٩٤-٩٥)، بەوەش بۆ وەرگرتنی پەیامێك پێویست بە ئامادەبوونی نێرەرو وەرگر ناکات لە هەمانکاتدا (كنعان، ٢٠١٤: ص١٦٦).
5. **کەمی تێچوون:** سۆشیاڵ میدیا وەك ئامرازێکی بازرگانی و پەیوەندیکردن لە ڕوانگەی کاریگەرییەوە زۆر بەرز دەنرخێندرێت، هەڵێکی زۆرباشی ڕەخساندووە بۆ گەیشتن بە زۆرترین بەکارهێنەران و ئامادەبوونی سەرهێڵ بەبێ خەرجکردنی پارەیەکی زۆر و سەرچاوەی جیاواز (Reddy, 2014: P59).
6. **نزیککردنەوەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی:** تایبەتمەندییەکی دیکەی سۆشیاڵ میدیا نزیککردنەوەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە لەنێوان سێکتەر و بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، هەروەها یارمەتی ناسینی دابونەریتە جیاوازەکانی وڵاتانی دیکە دەدات (السديري ، ٢٠١٤: ص٢٣).
7. **دەرخستنی هەست و سۆز:** سۆشیاڵ میدیا هەلی دەرکەوتنی هەست و سۆزی تێدایە، هەندێك شێوە پێشکەشدەکات، کە گوزارشتە لەو دۆخەی تاکێك تێیدا دەژی، دۆخە دەروونییەکەی دڵخۆشییە، یاخود ماندووبوونە، یان دڵتەنگییە، هەروەها بە چییەوە سەرقاڵە ...هتد، بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەوە، هەست و

سۆزی مرۆڤەکان دەزانرێت و قسەوباسی لەسەردەکرێت (ئەحمەد، ٢٠٢١: ل٢٣).

8. **گوزارشتکردن لە خود:** سۆشیاڵ میدیا دەرفەتی پەیوەندیکردن و گوزارشتکردنی خودی لە ڕێگای کەناڵی پەیوەندیکردنی سەرنجڕاکێشەوە بۆ هاوبەشانی ڕەخساندووە کە پشتنابەستێت بە بڵاوکردنەوەی ناوەرۆکێکی دیاریکراو (أبو سويلم، ٢٠١٥: ص٣٨).

9. **کاتبەسەربردن و هەمەجۆری:** سۆشیاڵ میدیا پێکهاتەیەکە بۆ کۆکردنەوەی ئامرازەکانی دیکە وەك نووسین و ڤیدیۆ و دەنگ (صالح، ٢٠١٦: ص٣٢)، وا لەوەرگر دەکات ئازادبێت و کۆمەڵێك بژاردەی هەبێت بۆ وەرگرتنی پەیامە میدیاییەکان و بەکارهێنانی ئامرازە جۆراوجۆرەکان، پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی وەرگر لە ڕێگەی ئەو کەناڵەی کە خۆی چێژی لێ دەبینێت (حەمەسەعید، ٢٠٢٠: ل٧٧).

**سێیەم- جۆرەکانی سۆشیاڵ میدیا**

1. **تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** گوزارشتن لە گروپێك تۆڕی گریمانەیی لەسەر هێڵی ئینتەرنێت کە لە ڕێگایەوە جەماوەری بەکارهێنەر دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا گرێبدەن و ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون بکەن لەمەڕ بابەتەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و ڕۆشنبیری و پرسە تایبەتەکان (أمين، ٢٠١٥: ص١٠٨).

2. **وێبسایتەکانی هاوبەشپێکردنی میدیا:** ئەو وێبسایتانەن، ڕێگا بە بەکارهێنەر دەدەن لە ناوەرۆکی فرە ڕاگەیاندن (مەڵتی میدیا)دا هاوبەشیبکات، کە بەهۆیەوە وێنە، ڤیدیۆ، مۆسیقا، یاخود بابەتی دیکە دادەنێت و وەسفیدەکات، بەکارهێنەری دیکە دەتوانێت لێبگەڕێن و سەیریبکات (ئەحمەد، ٢٠٢٠: ل٢٦).

3. **بلۆگ یان وێب بلۆگ:** بریتییە لە وێبسایتێکی ناو تۆڕی ئینتەرنێت کە وەک لاپەڕەیەکی کەسی ڕۆژانە بەکاردێت بۆ نوسین و بلاوکردنەوەی بابەتی ڕۆژانەوە و بۆچوونی تایبەت بە کەسەکە، کەواتە نوسین و بابەتەکانی ناو هەر بلۆگێک دەربڕینە لە تێڕوانینی کەسێک بۆ بابەتێکی دیاریکراو، وەک بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، ئابووری، وەرزشی...هتد (منصور،٢٠٠٩: ص١٠١).

4. **ویکی:** ویکی ماڵپەڕێکی سەرنجڕاکێشە کە لەوێدا زۆر کەس پێکەوە بە ئەرکی جیاوازەوە یارمەتی و هاوکاری یەکتری لە خولقاندنی ناوەرۆکی ماڵپەڕ یان شتێکی نوێدا دەکەن (گۆدەرزی، ٢٠١٢: ل١٢٢)، هەنووکە دیارترین نموونەی ویکییەکان پێگەی ویکیپیدیایە کە ئینسایکلۆپیدیای ملیۆنەها وتارە لە زۆربەی زمانەکانی جیهان وە بووەتە ئینسکلۆپیدیایەکی گەورەی زانیاری لەسەرتاسەری جیهان (عمر، ٢٠٢٠: ص١٥٧).

5. **سیستمی نیشانەکردنی کۆمەڵایەتی:** لە سیستمی دەستنیشانکردنی کۆمەڵایەتیدا سایتەکان دامەزراو ڕێکخراون بۆ ئەوەی خەڵك بتوانن لینکی ئەو لاپەڕانە کۆبکەنەوە کە دڵخوازیان بووە و دەستنیشانیان کردووە لەسەرهێڵ پاشان هاوبەشیپێبکەن لەگەڵ هاوڕێکانیان. لە سیستمی دەستنیشانکردندا زۆربەی کات دەتوانن تێبینیەکان یان ژێرنووسەکان بۆ لینکەکان زیاد بکەن و ڕێکیان بخەن بۆ لیست و پۆلێنەکان. بۆ نموونە لە ئێستا، پینتەرست یەکێکە لە بەناوبانگترین سایتەکانی نیشانەکردنی کۆمەڵایەتی (Golbeck, 2015: P12).

6. **سەکۆکانی گفتوگۆ:** ڕەگەزێکی گرنگ و چالاکی کۆمەڵگای ئینتەرنێتە (الرعود، ٢٠١٢: ص٣٦)، کۆبوونەوە و دروستکردنی پەیوەندییەکی گریمانەییە لەسەر لاپەڕەکانی ئینتەرنێت لە یەك کات و شوێندا، بایەخپێدانی هاوبەش هۆکاری کۆبوونەوەی ئەندامەکانییەتی، لە ڕێگای خستنەڕووی بابەتێك لەلایەن ئەندامێکی سەکۆکەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان دەکەن، پاشان ئەندامەکانی دیکەش بەشداری دەکەن و گفتوگۆ لەسەر هەمان بابەت دەکەن (شمس الدين، ٢٠١٣: ص٥٥).

7. **جیهانی یاری گریمانەیی:** ئەم جۆرەی سۆشیاڵ میدیا ڕێگە بە کەسەکان دەدات بۆ ئەوەی کارلێك لەگەڵ یەکتردا بکەن و لەسەر هێڵ پێکەوە یاری و قسە بکەن، یاخود شت بنووسن، هەروەها دەتوانن وەك دەستەیەك کاربکەن(ئەحمەد، ٢٠٢٠: ل٢٨).

8. **تۆڕەکانی پێداچوونەوە:** ئەو سایتانەن کە زانیاری پەیوەندیدار بە خزمەتگوزاری یان بەرهەمێکی دیاریکراوەوە پێشان دەدەن بۆ زانینی بۆچوونی بەکارهێنەرانی دیکەی ئەو بەرهەمە یان خزمەتگوزارییە، ئەم پلاتفۆرمانە سوودێکی زۆریان هەیە بۆ هەردوو بەکاربەر و فرۆشیار. لەو شوێنەی کە بەکاربەر دەتوانێت سەرنجی ئەرێنی و نەرێنی هەر خزمەتگوزارییەك یان بەرهەمێك بزانێت، بەو پێیەی ئەم سایتانە ڕێگە بە ئەگەری سڕینەوەی هەر کۆمێنتێکی نەرێنی نادەن کە لەلایەن هیچ بەکارهێنەرێکەوە دانراوە (خليف، ٢٠٢٠).

## تەوەری دووەم: بازاڕگەری

### یەکەم- چەمك و پێناسەی بازاڕگەری

چەمکی بازاڕگەری، ئەو چەمکە ئابورییە یە کە توێژینەوە دەربارەی بازاڕ دەکات لەڕێگای کۆکردنەوەی زانیاری و ئامار بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و دروست لەسەر بەرهەم و بەکاربەر و کەناڵەکانی دابەشکردن و شرۆڤەکردنی ئەو زانیاریانە بەمەبەستی گەشەپێدانی بازرگانی (حەمەسەعید، ٢٠٢٠: ل١٨).

لەگەڵ دەرکەوتن و گەشەسەندنی بەردەوامی سۆشیاڵ میدیا چەمکی بازاڕگەری سەرهێڵ یاخود ئەلیکترۆنی بۆ بازاڕگەری زیادبووە کە ئەویش ئاماژەیەکە بۆ هەموو چالاکییەکانی بازاڕگەری کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێت، وە بریتییە لە بەڕێوەبردنی کارلێکی نێوان دامەزراوە و بەکاربەر لە ژینگەیەکی مەجازیدا بە مەبەستی بەدەستهێنانی سوودی هاوبەش(زيدان و الاخرون، ٢٠١٠: ص١٥).

- **کۆمەڵەی بازاڕگەری ئەمریکی (American Marketing Association)** پێناسەی بازاڕگەری دەکات بە پرۆسەی نەخشەکێشان و

دیاریکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە شێوەی فرۆشتن و دابەشین، لەپێناو جێبەجێکردنی خواستەکانی بەکاربەران.

- **پەیمانگای مارکێتینگی ئینگلستان (UK Chartered Institute of Marketing)**: بازاڕگەری بریتییە لە چالاکی کردەیی لە سیستەمی بەڕێوەبردندا لە ڕێگەی نرخاندن و دیاریکردنی تواناکانی بەکاربەر، لەپێناوی ساغکردنەوەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی قازانج یان هەر دەستکەوتێکی دیکە(عەلی، ٢٠١٦: ل٢٢).
- هەروەها بازاڕگەری چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و ئیدارییە کە لە ڕێگایەوە تاک و گرووپ پێداویستییەکانیان بەدەستدەهێنن، ئەوەش بە دروستکردن و هاوبەشیکردنی بەرژەوەندیی و بەهاکانیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا (عبدالرحیم، ٢٠٠٧: ص١٢).

## دووەم- ئامانجی بازاڕگەری

شارەزایان بەگشتی چەند ئامانجێکیان دیاریکردووە کە بازاڕگەری هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، دەتوانین لەم خاڵانەدا بیانخەینە ڕوو:

1. **قازانج:** بازاڕگەری، بڕی داهاتی چاوەڕوانکراو بەپێی ستراتیجی دیاریکراو ڕێکدەخات، ئەو بازرگانی، یاخود ئەو کارانەی، کە لەڕووی داراییەوە قازانجبەخش نین، لەوەدەچێت سەرنەکەون و دووچاری ئاستەنگ ببنەوە، بازاڕگەری لەڕێگەی بەرزکردنەوەی فرۆش و ڕێکخستنی نرخەکان و ئەندازەگیری بۆ خواست و تێچووەکان، قازانج زیاددەکات (ئەحمەد، ٢٠٢١: ل٤٢).
2. **زیادکردنی فرۆش:** کاتێك دامەزراوە کۆمەڵێك کڕیاری خۆی هەبوو، چالاکی بانگەشەکردنی داهاتووی بریتی دەبێت لە زیادکردنی خەرجییەکانیان، ئەمەش واتە ئامانج ئەوەیە کە کڕیارەکان بەرهەمی زیادە یان بەرهەمی گرانتر بکڕن لە چاو ئەوانەی کە لە سەرەتادا دامەزراوەکە خستویەتیە بازاڕەوە (Marketing Objectives: Types, Goals, Examples, n.d.).
3. **زیادکردنی پشکی بازاڕ:** ئامانجی سەرەکی دامەزراوە لە بازاڕگەریدا فرۆشتنە (eMarketing Institute, 2018: P11)، بۆیە دامەزراوە هەوڵی زیادکردنی پشکی خۆی لەبازاڕدا دەدات لەڕێگەی جێبەجێکردنی ستراتیجی تێچووی کەم بۆ بەدیهێنانی قازانجی گەورە، دامەزراوە بەراوردی خۆی لەگەڵ کێبڕکێکارانیدا دەکات و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوان پشکی خۆی لە بازاڕدا زیاددەکات (ئەحمەد، ٢٠٢١: ل٤٢).
4. **زیادکردنی هۆشیاری براند:** ئامانجی سەرەکی کۆمپانیا بچووکەکان زیادکردنی هۆشیارییە لەسەر براندەکەی خۆیان، بۆیە کۆمپانیاکان ئامانجیان ئەوەیە لە سەرەتای ڕێگاکەیاندا کڕیارەکانیان زیاد بکەن لەڕێگەی ڕاکێشانی سەرنج و دواتر دروستکردنی دۆخی متمانە بە دابینکردنی کوالیتی باش و ئۆفەری جیاواز (ارشید، ٢٠٢١).
5. **گەشەسەندن:** ئەوەی یارمەتی کۆمپانیاکان دەدات زۆر بە خێرایی گەشە بکەن، پلانی بازاڕگەری سەرکەوتوو و داهێنەرانەیە، هەر بۆیە بەشەکانی بەڕێوەبردنی بازاڕگەری حەز دەکەن بەدواداچوون بۆ کوالیتی لە بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکان بکەن، چونکە کوالیتی گرنگترین هۆکاری بازاڕکردنە بۆ کۆمپانیاکە کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی (الحمیدي، ٢٠٢٠).
6. **بەردەوامیی مانەوە لە بازاڕدا:** مانەوەی دامەزراوە و بەردەوامیدان بە چالاکییەکانی لە بازاڕدا بە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی بازاڕگەری دادەنرێت کە تێکرای بەشەکانی دامەزراوەکە هەوڵی بۆ دەدات، ئەوەش لە ڕێگەی: (عواد، ٢٠١١: ص٣٧).
   أ. گەڕانی بەردەوام بۆ دەرفەتی بازرگانی نوێ.
   ب. پێویستی ڕێکخستن و پەرەپێدانی سیستەمی زانیاری بازاڕکردن.

## سێیەم- گرنگی سۆشیاڵ میدیا لە بازاڕگەری

بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لە بازاڕگەریدا بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێنەوە: (حەمەسەعید، ٢٠٢٠: ل٧٤-٧٥).

1. هەرزانی و کەم تێچوو بەراورد بەهەموو ئامرازە میدیاییەکانی دیکە.
2. ئامرازە میدیاییە نەریتییەکان بازاڕسازی ڕیکلامیان کردووە بۆ کەسانی دیاریکراو لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو بەڵام سۆشیاڵ میدیا بە زانیارییەکی زۆر بەبێ سنوری کەسی، ناوچەیی، کاتی بازاڕگەری دەکات بۆ هەموو ئەو کەس و شوێنانەی بەکاری دەهێنن.
3. ئامرازە میدیاییەکانی تر هەریەکە بە یەك فۆرم بازاڕسازی دەکەن یان نوسراو یان دەنگ یان ڕەنگ، سۆشیاڵ میدیا لەیەکگاتدا بەهەموو فۆرمەکان دەتوانێت بازاڕسازی بکات.
4. سۆشیاڵ میدیا جۆرێکی تری بەکاربەری دروستکرد کە بەکاربەری جیهانییە واتا دەتوانێت گفتوگۆ و زانیارییەکان بخاتە بەردەست بەکاربەران لە سەرتاسەری جیهاندا، بە شێوەیەکی خێرا بە کەمترین تێچوو.
5. فیدباك و وەرگرتنی ئاستی ڕەزامەندی بەکاربەر بنەمایەکی گرنگی بازاڕسازییە و خاوەن کاڵاکان دەتوانن سوودی لێببینن و لەپلانی داهاتووی بەرهەمیان ڕەخنەکان چاکبکەن، سۆشیاڵ میدیا هێزێکی گەورەی هەیە لە وەرگرتنی فیدباکی ڕاستەوخۆ و دواندنی بەکاربەر و گوێگرتن بۆ داواکاری و خواست و پرسیار و ڕەخنەکانی.
6. کڕیار چێژ لە ئاسانکاری بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر هەر کاڵایەك وەردەگرێت کە بیەوێت بەدەستی بهێنێت، و لە کەموکوڕی و سوودەکانی ئاگادار دەکرێتەوە (الصباغ، ٢٠١٦: ص٢٢)
7. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کڕیار قسەدەکات، بیروبۆچوونی خۆی دەردەبڕێت، هەروەها گوێ دەگرێت، ئەمەش هاوکارە بۆ دەرکردنی بڕیاری پەیوەست بە کڕین هەروەها پێکهێنانی وێنەیەکی زیهنی سەبارەت بەو بەرهەمانەی، کە کۆمپانیا پێشکەشی دەکات (ئەحمەد، ٢٠٢١: ل٥٥).

8. سۆشیاڵ میدیا هۆشیاری و ناساندنی براند دروستدەکات، کە یەکێکە لە گرنگترین ئامانجەکانی بازرگانی هەر بزنسێک، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بەکارهێنەران دەیانەوێت ئەو براندانە بکڕن کە دەیانناسنەوە، تەنانەت زۆرێک لە کڕیاران پلەیەکی دیاریکراوی دڵسۆزی براندیان هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی سوودی درێژخایەنی بازرگانی.
9. سۆشیاڵ میدیا یارمەتی دامەزراوە دەدات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ڕکابەرەکانی لە بازاڕدا، ئەوەش لە ڕێگەی چاودێریکردنی سۆشیاڵ میدیاکانیان و شیکردنەوەی ئەوەی کە چ ستراتیجێک پەیڕەو دەکەن و چ جۆرە ناوەڕۆکێک بڵاودەکەنەوە (Wutzke, 2021).

## تەوەری سێیەم: بڕیاری کڕین

### یەکەم- چەمک و پێناسەی بڕیاری کڕین

بەکاربەران لە ژیانی ڕۆژانەیاندا زۆر بڕیار دەدەن، هەر بۆیە زۆربەی کۆمپانیا و بەرهەمهێنەران گرنگی بەم پرۆسەیە دەدەن، مەبەست لەم گرنگیدانە زانینی بۆچی؟ لە کوێ؟ چۆن؟ چەند و کەی؟ بەکاربەران کاڵاو خزمەتگوزارییەکان دەکڕن و بەکاری دەهێنن، ئەم پرۆسەیە دەرخستن و زانینی سەرجەم ئەو ڕێکارییانەیە، کە بەر لە بڕیاردانی کڕین و دوای بڕیاری کڕین دەگرێتەوە. بە یەکێک لە پرۆسە قورس و ئاڵۆزەکان دادەنرێت، بڕیاری کڕین بەوە پێناسە کراوە (چالاکییەکی سۆزی و هزری و فیزیکییە، کە مرۆڤ بەکاری دەهێنی لە کاتی دیاریکردن و کڕین و بەکارهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، لەوانەی پێویستییەتی و حەزەکانی دابین دەکات) (صابر، ٢٠٢٢: ل ١٢٧).

بڕیاری کڕین بەم شێوەیە باس کراوە (کۆمەڵێک هەنگاوە کە بەکاربەر دەیگرێتەبەر بۆ ئەوەی کێشەیەک چارەسەر بکات کە پەیوەندی بە دابینکردنی پێویستییەکی خۆیەوە هەیە (یسعد و خلوف، ٢٠١٩-٢٠٢٠: ص٦٤).

هەروەها بڕیاری کڕین پرۆسەی هەڵبژاردنی باشترینی ئەو جێگرەوە بەردەستانەیە کە بە باشترین شێوە پێویستی تاکەکەس دابیندەکات (راضية، ٢٠٠٨-٢٠٠٩: ص٣٧).

### دووەم- جۆرەکانی بڕیاری کڕین

بڕیاری کڕین بە پرۆسەی هەڵبژاردنی یەک هەڵبژاردە لە ناو کۆمەڵێک بژاردەی دیکەدا پێناسە دەکرێت (Reddy, 2014: p22)، لەو سۆنگەیەوە دەکرێت جۆرەکانی بڕیاری کڕین بەسەر سێ جۆردا بخەینەڕوو:

1. **بڕیاری کڕین لەسەر بنەمانی ئاڵۆزی دۆخی کڕین:** (راضية، ٢٠٠٨-٢٠٠٩: ٣٧-٣٨)

أ. **بڕیاری کڕینی ڕۆتینی (ئاسایی):** کەمترین ئاڵۆزی دۆخی کڕینە و کاتێک ڕوودەدات کە بەکاربەر بە باشی ئاشنای جۆری بەرهەمەکە و تایبەتمەندییەکانی بێت، هەروەها ئاشنابێت بە بەرهەمێک کە کەم تێچووبێت لە ڕووی پارە و ماندووبوون و کاتەوە.

ب. **بڕیاری کڕینی مامناوەند ئاڵۆز:** ڕەنگە بەکارهێنەر ئاشنای بەرهەمێک بێت، چونکە پێشتر کڕیوەتی، بەڵام ئاشنا نییە بە هەموو بەدیلەکانی بەردەست، بۆیە پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی سنووردراویش بێت.

ت. **بڕیاری کڕینی زۆر ئاڵۆز:** ئەم جۆرە بڕیارە تایبەتە بەو بەرهەمانەی کە تێچووی زۆریان هەیە، وەک کڕینی خانوو یان ئۆتۆمبێل، کە تێیدا هەوڵێکی زۆر دەدرێت و کاتێکی زۆری دەوێت بۆ هەڵبژاردنی باشترین بەرهەم.

2. **لەسەر بنەمای یەکەی بڕیاردان: (یسعد و خلوف، ٢٠١٩-٢٠٢٠: ٦٥).**

أ. **بڕیاری کڕینی کەسی:** ئەو جۆرە بڕیارەیە کە تاکە کەسێک دەریدەکات بەبێ بەشداریکردنی هیچ کەس و لایەنێک.

ب. **بڕیاری کڕینی بەکۆمەڵ:** ئەو بڕیارەیە کە زیاتر لە کەسێک لە پێکهێنانیدا بەشداری دەکات، تایبەتمەندییەکی ئاڵۆزی هەیەو پەیوەستە بە پرۆژە گەورەکان.

### سێیەم- قۆناغەکانی بڕیاری کڕین

بەکاربەر ڕۆژانە چەندین بڕیاری کڕین دەدات، کە بەگوێرەی ڕادەی ئاڵۆزی بەرهەمەکە لە ڕووی گرنگییەوە جیاوازییان هەیە (صابر، ٢٠٢٢: ل ١٣٥)، بڕیاری کڕین چەند قۆناغێک لەخۆدەگرێت لەوانە:

1. **قۆناغی هەستکردن بە کێشە (پێویستی):** ناسینەوە و دەستنیشانکردنی کێشە بە قۆناغی یەکەم دادەنرێت لە پرۆسەی بڕیاردانی بەکاربەردا (Mothersbaugh&Hawkins, 2016: 502)، ئەو قۆناغەیە کە مرۆڤ هەست بە کەمی شتێک دەکات و بە پێویستییەکی ژیانی دەبینێت، نەبوونی ئەو پێویستیە دۆخێکی ناسەقامگیری بۆ دروستدەکات، بۆیە هەوڵی تێرکردنی ئەو پێویستییە دەدات (حسن، ٢٠١٤: ص٤٩-٥٠).
2. **گەڕان بە شوێن زانیاری:** لەم قۆناغەدا گەڕان بە شوێن زانیاریدا دەستپێدەکات و لە دوو سەرچاوەی سەرەکییەوە زانیارییەکان وەردەگیرێت، ئەوانیش:

أ. **سەرچاوەی ناوخۆیی:** بریتییە لە پرۆسەی لەبەرگرتنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لە یادگەو و ئەزموونە کەسییەکانەوە هەڵگیراون، بەو پێیەی ئەگەر هاتوو بەکاربەر پێشتر خاوەنی ئۆتۆمبێل بووبێت، زانیارییەکان لە یادگەیدا هەڵگیراو دەبێت، هەروەها ئەزموونی دەبێت لەوەی کە ئۆتۆمبێلەکە تا چەند پێداویستییەکانی، ئارەزووەکانی دابین کردووە.

ب. **سەرچاوەی دەرەکی:**

- سەرچاوەی کەسی وەک: هاوڕێیان، کە نوێنەرایەتی سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری دەکەن بە پشتبەستن بە ئەزموونی کەسی خۆیان یان ئەو زانیاریانەی کە لە ژینگەی دەوروبەرەوە بەدەستیان هێناوە.
- سەرچاوەی گشتی وەک: ڕۆژنامە و گۆڤار، کە بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری دادەنرێت.

- بازرگانان: كە لە ڕێگەی پەیامی ڕیكلامییەوە زانیاری دەدەن بە بەكارهێنەران (حسن، ٢٠١٤: ص٤٩-٥٠).

3. **هەڵسەنگاندنی زانیارییەكان سەبارەت بە جێگرەوەكانی بەردەست:** لەم قۆناغەی پرۆسەی كڕیندا، بەكاربەر هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو بەدیلانەی پەیوەستە بەو كاڵا و خزمەتگوزارییەی دەیەوێت بیكڕێت، بە بەكارهێنانی كۆمەڵێك پێوەر لە پرۆسەی هەڵسەنگاندندا، بۆ هەڵبژاردنی ئەو كاڵا گونجاوەی كە پێداویستی و خواستەكانی تێردەكات (صميدعي و يوسف، ٢٠٠٧: ٨٦).
4. **بڕیاری كڕین:** پاش ئەوەی بەكاربەر باشترین جێگرەوە هەڵدەسەنگێنێت (Lake, 2009: p35)، بڕیار دەدات لەسەر كڕینی ئەو كاڵا و خزمەتگوزارییەی لەنێوان هەموو جێگرەوەكانی بەردەستی هەڵیبژاردووە (الجريسي، ٢٠٠٧: ص٩٣)، بڕیاری كڕین لەم بوارەدا وەك هەر بڕیارێك و هەڵبژاردنێكە لەنێوان جێگرەوە بەردەستەكان، بۆیە بڕیارێكی ئاڵۆزە هەندێك فاكتەر هەن دەست لەنێوان نیازی كڕین و بڕیاردانی ڕاستەقینە وەردەدەن، وەك ئاراستە و تێڕامانەكانی بەكاربەر بەرامبەر هەندێك ناو، براند، یان بەرهەمهێنەر (صابر، ٢٠٢٢: ل ١٣٩).
5. **هەڵسەنگاندن دوای بڕیاری كڕین:** لێرەدا بڕیاری كڕین بە بەراوردكردنی چاوەڕوانییەكان و تێڕوانینەكان هەڵدەسەنگێندرێت، ئەگەر كەلێنێكی كەم هەبێت لە نێوان ئەوەی بەكاربەر چاوەڕێی دەكرد و ئەوەی لە ڕاستیدا بینیویەتی، ئەوا ڕەزامەندی لە بڕیاری كڕین بەدەست دێت، بەڵام ئەگەر بۆشاییەكە گەورە بوو، ئەوا هەستەكە لە ناڕەزایدا خۆی دەبینێتەوە (الطائي و العسكري، ٢٠٠٨:ص ١١٦).

**تەوەری چوارەم: خانووبەرە**

**یەكەم- چەمك و پێناسەی خانووبەرە**

بازاڕگەری خانووبەرە لە بەرامبەر وشەی (Real Estate Marketing)ی ئینگلیزیدا دێت و بە پرۆسەی بانگەشەكردن و نمایشكردنی موڵكێك بۆ كۆمەڵگە ناسراوە، بە مەبەستی ڕاكێشانی كڕیارە ئەگەرییەكان و دروستكردنی براندێك و گەیشتن بە قۆناغی تەواوكردنی مامەڵە بازرگانییەكان.

هەروەها پرۆسەی بەبازاڕكردنی خانووبەرە بەو بازاڕە پێناسە دەكرێت كە لیستی ئەو خانووبەرانە لەخۆدەگرێت كە دەكڕدرێن و دواتر دەفرۆشرێن بەو كەسانەی ئارەزووی دەكەن، لەڕێگەی دامەزراوە تایبەتەكانەوە، یان ڕاستەوخۆ لە خاوەنەكەیەوە، ئەمە جگە لەوەی كە بازاڕ بەپێی چەند بنەمایەك ئەو پێوەرە تایبەتانە دیاری دەكات كە پەیوەستن بە جۆری موڵك وەك نرخ (الحليق، ٢٠٢٢).

بەم دواییانە لە ئاكامی گەشەسەندنی تەكنەلۆجیا و ئینتەرنێت جۆرێكی دیكە لە بازاڕگەری خانووبەرە هاتووەتە ئارەوە كە بەبازاڕگەری دیجیتاڵی ناسراوە، كە تیایدا ئەو دامەزراوە و كەسانەی لە بواری خانووبەرەدا كاردەكەن دەبینرێن، كە لەڕێگای سۆشیاڵ میدیا و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە كێبڕكێیەكی توندی یەكتر دەكەن بەمەبەستی گەیشتنیان بە زۆرترین ڕێژەی كڕیار و یەكلاییكردنەوەی گرێبەستی كڕین لە خێراترین كاتدا، هەروەها هەوڵی بڵاوكردنەوەی ڕیكلام و پەیامە بازرگانییەكانیان دەدەن سەبارەت بە جۆری خانووبەرە بەردەستەكان (موقع عمون، ٢٠٢١).

لەمەشەوە تێدەگەین كە بازاڕگەری خانووبەرە لە ڕێگای سۆشیاڵ میدیاوە بریتییە لە كۆمەڵێك چالاكی كە لەلایەن هەندێك كەس، دامەزراوە یان كۆمپانیاوە ئەنجام دەدرێت بە ئامانجی ئاسانكاری و خێراكردنی شێوازی فرۆشتنی خانووبەرە (زەوی، خانوو، شووقە، ڤێلا، باخ، هتد)، جا بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بێت یان بۆ گەشتیاری یاخود هەر مەبەستێكی دیكەبێت.

**دووەم- گرنگی بازاڕگەری خانووبەرە**

بازاڕگەری خانووبەرە چەند گرنگییەكی هەیە كە دیارترینیان بریتین لە: (الصيرفي، ٢٠١٦: ٤١)

1. زانیاری بەبازاڕكردن هۆشیاری بەكاربەر زیاد دەكات، هەروەها بەشداریكردنی چالاكییەكانی بەبازاڕكردنی خانووبەرە ئاستی ئابووری بەرزدەكاتەوە و یارمەتیدەر دەبێت بۆ باشتركردنی كوالیتی و ئاستی ژیانی تاكەكان.
2. چالاكییەكانی بەبازاڕكردنی خانووبەرە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی قازانج كە بە پێویستییەك دادەنرێت نەك بە تەنها بۆ مانەوەی دامەزراوەكە بەڵكو بۆ هێشتنەوە و سەقامگیركردنی ئابووری بەشێوەیەكی گشتی.
3. لێكۆڵینەوە لە بازاڕگەری خانووبەرە وا دەكات كڕیار یاخود بەكارهێنەر زیاتر ئاگاداری ئەو چالاكییە فرەییانەی بازاڕكردن بێت كە بوونەتە پێویستییەك بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و تێركردنی بەكاربەر یان سوودمەندبوونیان لە خانووبەرە.

**سێیەم- دیارترین ئەو بوارانەی كە بازاڕگەری خانووبەرە لەخۆیدەگرێت (الصيرفي، ٢٠١٦: ٤١)**

1. زەوی بە هەموو جۆرەكانیەوە: جا زەوی نیشتەجێبوون بێت، زەوی پیشەسازی، زەوی گەشتیاری، یان زەوی كشتوكاڵی.
2. بینای نیشتەجێبوون: خانوو، شووقە، ڤێلا، كۆشك.
3. بینا گەشتیارییەكان: ڤێلا، یان كۆشك لە گوندە گەشتیارییە هاوچەرخەكان یان لە ناوچە گەشتیارییەكان.
4. بینای بازرگانی: وەك مۆڵ یان دوكان.
5. بینا پیشەسازییەكان: وەك كارگە، یان كۆمەڵگەی پیشەسازی بچووك یان مامناوەند.

## لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:

### تەوەری یەکەم/ زانیاری بنەڕەتی

**خشتەی (٢)**

**زانیاری بنەڕەتی**

| زانیاری بنەڕەتی | برگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| **ڕەگەز** | **نێر** | 88 | 59.1 | 1 |
| | **مێ** | 61 | 40.9 | 2 |
| **تەمەن** | **26 – 31** | 10 | 6.7 | 4 |
| | **32 –37** | 50 | 33.6 | 1 |
| | **38–43** | 44 | 29.5 | 3 |
| | **44 ساڵ و زیاتر** | 45 | 30.2 | 2 |
| **بڕوانامە** | **ماستەر** | 81 | 54.4 | 1 |
| | **دکتۆرا** | 68 | 45.6 | 2 |
| **پلەی زانستی** | **مامۆستای یاریدەدەر** | 54 | 36.2 | 1/ د |
| | **مامۆستا** | 54 | 36.2 | 1/ د |
| | **پرۆفیسۆری یاریدەدەر** | 28 | 18.8 | 2 |
| | **پرۆفیسۆر** | 13 | 8.7 | 3 |
| **باری دارایی** | **زۆرباش** | 22 | 14.8 | 2 |
| | **مامناوەند** | 125 | 83.9 | 1 |
| | **لاواز** | 2 | 1.3 | 3 |
| **کۆی گشتی** | | 149 | 100 | |

خشتەی (٢) زانیاری بنەڕەتی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات بەشێوەیەك بەرزترین ئاستی ڕیزبەندی ڕەگەز بریتییە لە ڕەگەزی (نێر) بە ڕێژەی (59.1%) لە کاتێکدا ڕێژەی ڕەگەزی مێ(40.9%) پێکدەهێنێت. بەرزترین ئاستی ڕیزبەندی تەمەن بریتییە لە تەمەنی (32 –37) ساڵ کە بە ڕیزبەندی یەکەم دادەنرێت بە ڕێژەی (33.6%) هەروەها ڕیزبەندی دووەم لە (تەمەن) بریتییە لە تەمەنی (44 ساڵ و زیاتر) بە ڕێژەی (30.2%) لە کاتێکدا نزمترین ئاستی ڕیزبەندی تەمەن بریتییە لە تەمەنی (26 – 31) ساڵ بە ڕێژەی (6.7%). هەروەها ڕیزبەندی یەکەم لە ڕووی بڕوانامە بریتییە لە بروانامەی (ماستەر) بە ڕێژەی (54.4%) هەروەها ئاستی دووەم لە ئاستی بڕوانامەبریتییە لە بروانامەی (دکتۆرا) بەرێژەی (45.6%). ڕیزبەندی یەکەم لە پلەی زانستی بریتییە لە (مامۆستای یاریدەدەر- مامۆستا ) کە بە ئاستی یەکەم دادەنرێت کە بە کۆی هەردوو پلە زانستیەکە ڕێژەی (72.4%) پێکدەهێنن، هەروەها ڕیزبەندی دووەم لە (پلەی زانستی) بریتییە لە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) بە ڕێژەی (18.8%) لە کاتێکدا نزمترین ڕیزبەندی پلەی زانستی بریتییە لە (پرۆفیسۆر) بە ڕێژەی (8.7%). بەرزترین ڕیزبەندی لەرووی باری دارایی بریتییە لە (مامناوەند) کە بە ڕیزبەندی یەکەم دادەنرێت بە ڕێژەی (83.9%) هەروەها ڕیزبەندی دووەم لە رووی (باری دارایی) بریتییە لە (زۆرباش) بە ڕێژەی (14.8%) لە کاتێکدا نزمترین ڕیزبەندی لەرووی باری دارایی بریتییە لە (لاواز) بە ڕێژەی (1.3%).

### تەوەری دووەم/ پەیوەندیی سامپڵ بە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا

**خشتەی (٣)**

**پەیوەندیی سامپڵ بە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا**

| برگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنیت | | | |
| هەمیشە | 87 | 58.39 | 1 |
| هەندێکجار | 60 | 40.27 | 2 |
| بەدەگمەن | 2 | 1.34 | 3 |
| کۆی گشتی | 149 | 100.0 | |
| ناوەندە ژمارەیی (Mean) | 2.57 | ئەنجام (Result) | هەمیشە |
| لادانی پێوانەی (S.D) | 0.52 | گرنگی ڕێژەیی (RI) | 85.68% |
| ڕۆژانە چەند کاتژمێر بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا تەرخان دەکەیت | | | |
| ١-٢ کاتژمێر | 78 | 52.3 | 1 |
| کەمتر لە ١ کاتژمێر | 41 | 27.5 | 2 |
| ٣-٤ کاتژمێر | 24 | 16.1 | 3 |
| ٥-٦ کاتژمێر | 4 | 2.7 | 4 |
| ٦ کاتژمێر زیاتر | 2 | 1.3 | 5 |
| کۆی گشتی | 149 | 100.0 | |
| زیاتر چ جۆرە سۆشیال میدیایەك بەکاردەهێنیت: دەتوانیت لەیەك (بژاردە) زیاتر ئاماژە پێبدەیت | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 141 | 70.15 | 1 |
| وێبسایتەکانی هاوبەشپێکردنی میدیا | 50 | 24.88 | 2 |
| سەکۆکانی گفتوگۆ | 7 | 3.48 | 3 |
| جۆری دیکە | 3 | 1.49 | 4 |
| کۆی گشتی | 201 | 100.0 | |
| لەنێو پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیادا ئاستی بەکارهێنانت بۆ کام جۆر زیاترە:د متوانیت لەیەك (بژاردە) زیاتر ئاماژە پێبدەیت | | | |
| فەیسبوك | 126 | 35.39 | 1 |
| ڤایبەر | 65 | 18.26 | 2 |
| ئینستاگرام | 52 | 14.61 | 3 |
| واتس ئەپ | 44 | 12.36 | 4 |
| یوتوب | 41 | 11.52 | 5 |
| سناپ چات | 12 | 3.37 | 6 |
| تیك تۆك | 11 | 3.09 | 7 |
| تویتەر | 5 | 1.40 | 8 |
| کۆی گشتی | 356 | 100.0 | |
| ئامانجت لە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا چییە: دەتوانیت لەیەك (بژاردە) زیاتر ئاماژە پێبدەیت | | | |
| ناردن و وەڵامدانەوەی نامەکان | 88 | 24.72 | 1 |
| ئاشنابون بەڕوداو و پێشهاتە سیاسیەکان | 78 | 21.91 | 2 |
| بەسەربردنی کات | 51 | 14.33 | 3 |
| دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی | 48 | 13.48 | 4 |
| ئاشنابوون بەزانیاری و وردەکاریی سەبارەت بە خانووبەرە | 41 | 11.52 | 5 |
| بۆ ئاگاداربوون لە داشکاندنەکانی خانووبەرە | 22 | 6.18 | 6 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە | 19 | 5.34 | 7 |
| بەئاگابون لەخزمەتگوزاری خانووبەرە | 9 | 2.53 | 8 |
| کۆی گشتی | 356 | 100.0 | |
| هۆکاری بەکارهێنانی سۆشیال میدیا چییە لای تۆ:دەتوانیت لەیەك (بژاردە) زیاتر ئاماژە پێبدەیت | | | |
| نوێکردنەوەی بەردەوامی زانیاری | 97 | 32.44 | 1 |
| بەزوویی گەشتنی هەواڵ و زانیارییەکان | 80 | 26.76 | 2 |
| ئاسانی بەکارهێنان | 64 | 21.40 | 3 |
| کەمی تێچوو | 32 | 10.70 | 4 |
| نیشاندانی کاڵا بەشێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش | 26 | 8.70 | 5 |
| کۆی گشتی | 299 | 100.0 | |

**خشتەی (٣) پەیوەندی سامپڵ بە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا روون دەکاتەوە بەشێوەیەك:** بەرزترین ئاستی ڕیزبەندی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە(هەمیشە) بە ڕێژەی (58.39%)، هەروەها ئاستی (هەندێکجار) لە بەکارهێنانی (سۆشیاڵ میدیا) لە ریزبەندی دووەمدا دێت بە ڕێژەی (40.27%) لە کاتێکدا ئاستی (بەدەگمەن) لە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا لە ریزبەندی سێهەمدا دێت بە ڕێژەی (1.34%)، هەروەها ناوەندی ژمارەیی دەکاتە (2.57) کە بەگوێرەی (پێوانەی لیکاردی سێ بژاردەیی) ئەنجامی ئەم پرسیارە لای ئەندامان سامپڵی توێژینەوەکە دەکاتە (هەمیشە) هەروەها گرنگی ڕێژەی دەکاتە (85.68%). تەرخانکردنی (١-٢ کاتژمێر) رۆژانە بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بە ڕێژەی (52.3%) لەبەرزترین ڕیزبەندیدایە، هەروەها تەرخانکردنی (کەمتر لە ١ کاتژمێر) رۆژانە بە ڕێژەی (27.5%) لە دووەم ڕیزبەندیدایە، لە کاتێکدا تەرخانکردنی (٦ کاتژمێر زیاتر) رۆژانە بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بە رێژەی (1.3%) لە نزمترین ڕیزبەندیدایە. بەرزترین ڕیزبەندی بۆ جۆری بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) کە بەڕێژەی (70.15%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، هەروەها دووەم ڕیزبەندی لە جۆری بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بریتییە لە (وێبسایتەکانی هاوبەشپێکردنی میدیا) بەڕێژەی (24.88%)، لە کاتێکدا (سەکۆکانی گفتوگۆ) بەڕێژەی (3.48%) لە ڕیزبەندی سێیەمدایە. بەکارهێنانی پلاتفۆرمی (فەیسبوك) لەسۆشیاڵ میدیادا لای سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕیزبەندی یەکەمدایە بەڕێژەی (35.39%)، هەروەها بەکارهێنانی پلاتفۆرمی (ڤایبەر) بە ڕێژەی (18.26%) لە دووەم ڕیزبەندیدایە، لەکاتێکدا بەکارهێنانی پلاتفۆرمی (تویتەر) لە کۆتا ڕیزبەندیدایە بەڕێژەی (1.40%). بەرزترین ئامانج لە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا بریتییە لە (ناردن و وەڵامدانەوەی نامەکان) بەڕێژەی (24.72%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، هەروەها (ئاشنابون بەڕوداو و پێشهاتە سیاسییەکان) بەڕێژەی (21.91%) لە ڕیزبەندی دووەمدایە، لە کاتێکدا نزمترین ئاستی ئامانج لە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا بریتییە لە (بەئاگابون لە خزمەتگوزاری بواری خانووبەرە) بە ڕێژەی (٥٣,٢%). هۆکاری (نوێکردنەوەی بەردەوامی زانیاری) لەبەکارهێنانی سۆشیال میدیا بەڕێژەی (32.44%) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، هەروەها (بەزوویی گەشتنی هەواڵ و زانیارییەکان) بەڕێژەی (26.76%) لە ڕیزبەندی دووەمدایە، لە کاتێکدا (نیشاندانی کاڵا بەشێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش) لە کۆتا ڕیزبەندیدایە لە هۆکاری بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بەڕێژەی (8.70%).

**تەوەرەی سێیەم/ پەیوەندی سامپڵ بە بازارگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا و بڕیاری کڕینی خانووبەرە**

1. **پەیوەندیی سامپڵ بە بازارگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا**

**خشتەی (٤)**

**پەیوەندیی سامپڵ بە بازارگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا**

| بڕگەکان | تەواو هاوڕانیم | هاوڕانیم | دڵنیانیم | هاوڕام | تەواو هاوڕام | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەیی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ / % | ژ / % | ژ / % | ژ / % | ژ / % | Mean | S.D | RI | Result |
| سۆشیاڵ میدیا لە خستنەڕووی جۆری خانووبەرەدا ڕەچاوی دۆخی دارایم ناکات | 8 / 5.37 | 21 / 14.09 | 31 / 20.81 | 35 / 23.49 | 54 / 36.24 | 3.71 | 1.24 | 74.23 | هاوڕام |
| متمانەم بەو زانیارییانە نییە کە نوسینگەکانی خانووبەرەلەهەژمارەکانیانەوە بڵاویدەکەنەوە | 3 / 2.01 | 27 / 18.12 | 41 / 27.52 | 39 / 26.17 | 39 / 26.17 | 3.56 | 1.12 | 71.28 | هاوڕام |
| سۆشیاڵ میدیا دەرفەتی مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆم بۆ نارەخسێنێت بۆ جۆری ئەو خانووبەرەیەی کە دەیخوازم | 7 / 4.70 | 26 / 17.45 | 32 / 21.48 | 52 / 34.90 | 32 / 21.48 | 3.51 | 1.15 | 70.20 | هاوڕام |
| سۆشیاڵ میدیاهاوکاریم ناکات لەدەستگەیشتنم بەزانیاری و ئەزموونی کەسانی دیکە لەکاتی هەڵبژاردنی خانووبەرە | 4 / 2.68 | 35 / 23.49 | 37 / 24.83 | 48 / 32.21 | 25 / 16.78 | 3.37 | 1.10 | 67.38 | دڵنیانیم |
| ئەو زانیارییانەی نوسینگەکانی خانووبەرە لە سۆشیاڵ میدیاوە بڵاویدەکەنەوە هاوکاریمناکەن لە هەڵبژاردنی موڵکی دڵخوازی خۆم | 9 / 6.04 | 39 / 26.17 | 33 / 22.15 | 26 / 17.45 | 42 / 28.19 | 3.36 | 1.30 | 67.11 | دڵنیانیم |
| بازارگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا توانای هەڵسەنگاندنی جێگرەوەکانی دیکەم | 9 / 6.04 | 29 / 19.46 | 47 / 31.54 | 41 / 27.52 | 23 / 15.44 | 3.27 | 1.12 | 65.37 | دڵنیانیم |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێنابەخشێت بۆ هەڵبژاردنی باشترین جۆری خانووبەرە | | | | | | | | | |
| بەرکەوتەم بۆ پەیامی بازاڕگەری نوسینگەکانی خانووبەرە هەیە لە سۆشیاڵ میدیا | 19 | 23 | 16 | 82 | 9 | 3.26 | 1.18 | 65.23 | دڵنیانیم |
| | 12.75 | 15.44 | 10.74 | 55.03 | 6.04 | | | | |
| سۆشیاڵ میدیا ڕۆڵی نەبووە لە دەستگەیشتنم بە موڵکی خوازراو لە کەمترین کاتدا بە کەمترین تێچوون | 6 | 47 | 28 | 40 | 28 | 3.25 | 1.20 | 64.97 | دڵنیانیم |
| | 4.03 | 31.54 | 18.79 | 26.85 | 18.79 | | | | |
| سۆشیاڵ میدیا سەرچاوەیەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانم لە کەرتی خانووبەرە | 18 | 28 | 19 | 72 | 12 | 3.21 | 1.20 | 64.30 | دڵنیانیم |
| | 12.08 | 18.79 | 12.75 | 48.32 | 8.05 | | | | |
| بازاڕگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا هاوکاریم دەکات لە بینینی جێگرەوەی دیکە بۆ جۆری ئەو خانووبەرەیەی کە دەیخوازم | 14 | 26 | 37 | 62 | 10 | 3.19 | 1.10 | 63.76 | دڵنیانیم |
| | 9.40 | 17.45 | 24.83 | 41.61 | 6.71 | | | | |
| پەیامی نوسینگەکانی خانووبەرە من ڕۆڵیان هەبووە لە ناساندن و پیشاندانی تایبەتمەندییەکانی جۆری ئەو خانووبەرەیەی کە لەسۆشیاڵ میدیاوە خستویانەتەڕوو | 14 | 35 | 26 | 62 | 12 | 3.15 | 1.16 | 63.09 | دڵنیانیم |
| | 9.40 | 23.49 | 17.45 | 41.61 | 8.05 | | | | |
| گرنگی بە بازارگەری خانووبەرە دەدەم لە سۆشیال میدیا | 18 | 33 | 24 | 60 | 14 | 3.13 | 1.22 | 62.55 | دڵنیانیم |
| | 12.08 | 22.15 | 16.11 | 40.27 | 9.40 | | | | |
| بینەری ئەو پەیامە بازرگانیانەم کە لەلایەن نوسینگەکانی خانووبەرە لە سۆشیاڵ میدیاوە بڵاودەکرێنەوە | 25 | 27 | 17 | 74 | 6 | 3.06 | 1.23 | 61.21 | دڵنیانیم |
| | 16.78 | 18.12 | 11.41 | 49.66 | 4.03 | | | | |
| هەژماری نوسینگەکانی خانووبەرە لە سۆشیاڵ میدیا زانیاری پێویستیان بۆ من تەرخان کردووە | 21 | 44 | 40 | 40 | 4 | 2.74 | 1.09 | 54.90 | دڵنیانیم |
| | 14.09 | 29.53 | 26.85 | 26.85 | 2.68 | | | | |
| **کۆی گشتی** | 175 | 440 | 428 | 733 | 310 | 3.27 | 1.17 | 65.40 | دڵنیانیم |
| | 8.39 | 21.09 | 20.52 | 35.14 | 14.86 | | | | |
| پێوەری لیکارت بۆ (5) بژاردەیی: (1.0 -1.79: هیچ هاوڕانیم)، (1.80 -2.59: هاوڕانیم)، (2.60 -3.39: دڵنیانیم)، (3.40 -4.19: هاوڕام)، (4.20 -5.0: تەواو هاوڕام) | | | | | | | | | |

خشتەی (٤) پەیوەندیی سامپڵی توێژینەوە بە بازاڕگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە دەردەخات، کە لە (١٤) بڕگە پێکهاتووە، بەگشتی دەردەکەوێت کە ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (تەواو هاوڕانیم) دەکاتە (%8.39)، ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هاوڕانیم) دەکاتە (%21.09)، هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (دڵنیانیم) دەکاتە (%20.52)، لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هاوڕام) دەکاتە (%35.14)، هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (تەواو هاوڕام) دەکاتە (%14.86)، ناوەندی ژمارەیی بریتییە لە (3.27). بەگوێرەی (پێوانەی لیکاردی پێنج بژاردەیی) ئەنجامی ئەم پرسیارە لە لایەن بەرتوێژانەوە دەکاتە (دڵنیانیم) هەروەها گرنگی ڕێژەیەکەشی (Relative Important) دەکاتە (%65.40) کەواتە گرنگی ڕێژەیی هەیە لەلای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە، هەروەها لادانی پێوانەی دەکاتە (1.17).

بەگوێرەی ڕیزبەندی ناوەندی ژمارەیی بڕگەکان، لە ڕیزبەندی یەکەمدا مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی هاوڕان لەسەر ئەوەی کە سۆشیاڵ میدیا لە خستنەڕووی جۆری خانووبەرەدا ڕەچاوی دۆخی دارایان ناکات ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شێوازی خستنەڕووی موڵك لە هەژماری نوسینگەکانەوە ڕێکخراو نییە و تایبەتمەندی پۆلێنکردنی بەپێی نرخ و کوالیتی تێدا نییە، هەروەها لە ڕیزبەندی دووەمدا ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە متمانە بەو زانیارییانە ناکەن کە نوسینگەکانی خانووبەرە لە هەژمارەکانیانەوە بڵاویدەکەنەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نووسینگەکانی خانووبەرە هەندێکجار زیادەڕەویی دەکەن لە وەسفکردنی جۆری ئەو موڵکەی بۆ فرۆشتن خستوویانەتەڕوو، هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە کە هەندێکجار دامەزراوە و نوسینگەکانی بواری خانووبەرە لەپێناوی ڕاکێشانی سەرنجی بەکارهێنەرانی سۆشیاڵ میدیا زانیاری نادروست و شاراوە بڵاودەکەنەوە، ئەمانەش بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە نزیکەی نیوە زیاتری مامۆستایانی زانکۆ متمانەیان بە زانیارییەکان نەبێت، هەروەها لە کۆتا ڕیزبەندی ناوەندی ژمارەیی بڕگەکاندا، مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بە بەهێزی پەسەندی هیچ بژاردەیەک ناکەن سەبارەت بە دابینکردنی زانیاری پێویست بۆیان لەلایەن نوسینگەکانی بواری خانووبەرە لە سۆشیاڵ میدیادا، ئەمەش هۆکارێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەم توێژەی کۆمەڵگە نوخبەن و چاوەڕوانی زیاتریان لە نوسینگەکانی خانووبەرە هەیە بۆ دابینکردنی زانیاری لە بوارەکەدا.

**2. پەیوەندیی سامپڵ بە بڕیاری کڕینی خانووبەرە**

**خشتەی (٥)**

**پەیوەندیی سامپڵ بە بڕیاری کڕینی خانووبەرە**

| برگەکان | تەواو هاوڕانیم | هاوڕانیم | دڵنیانیم | هاوڕام | تەواو هاوڕام | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەیی | کرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | Mean | S.D | RI | Result |
| | % | % | % | % | % | | | | |
| داهاتم دروستکردنی بڕیاری کڕینم دیاریدەکات لە کەرتی خانووبەرە | 2 | 5 | 17 | 55 | 70 | 4.25 | 0.88 | 84.97 | تەواو هاوڕام |
| | 1.34 | 3.36 | 11.41 | 36.91 | 46.98 | | | | |
| دروستبوونی بڕیاری کڕینم بۆ خانووبەرە لە سۆنگەی هەستکردنمە بە بوونی کێشە یاخود تێرکردنی پێویستییەکانمە | 7 | 13 | 33 | 62 | 34 | 3.69 | 1.06 | 73.83 | هاوڕام |
| | 4.70 | 8.72 | 22.15 | 41.61 | 22.82 | | | | |
| پشت بەو زانیارییانە نابەستم کە نوسینگەکانی خانووبەرەلەڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە بڵاوی دەکەنەوە بۆ دروستبوونی بڕیاری کڕینم | 5 | 40 | 23 | 39 | 42 | 3.49 | 1.25 | 69.80 | هاوڕام |
| | 3.36 | 26.85 | 15.44 | 26.17 | 28.19 | | | | |
| پەیامی بازرگانی نوسینگەکانی خانووبەرەلەڕێگەی فەیسبوکەوە وا ناکات بڕیاری کڕینی گونجاو بدەم سەبارەت بەو موڵکەی دەخوازم بیکرم | 9 | 27 | 34 | 41 | 38 | 3.48 | 1.22 | 69.66 | هاوڕام |
| | 6.04 | 18.12 | 22.82 | 27.52 | 25.50 | | | | |
| ئەو زانیارییانەی لە سۆشیاڵ میدیا بەردەستن، واناکات لە بڕیاردانی کڕینی ئەو موڵکەی کە دەمەوێت بیکرم، پشت بە خۆم ببەستم | 7 | 29 | 42 | 36 | 35 | 3.42 | 1.18 | 68.46 | هاوڕام |
| | 4.70 | 19.46 | 28.19 | 24.16 | 23.49 | | | | |
| سۆشیاڵ میدیا ئەو هەوڵ و ماندوبونەی کە لە ئەنجامی سەردانی مەیدانیدا دروست دەبێت کەم ناکاتەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەو موڵکەی کە دەخوازم بیکرم | 7 | 36 | 31 | 57 | 18 | 3.29 | 1.10 | 65.77 | دڵنیانیم |
| | 4.70 | 24.16 | 20.81 | 38.26 | 12.08 | | | | |
| سۆشیاڵ میدیا پاڵنەرێك نییە بۆ دروستکردنی بڕیاری کڕینم سەبارەت بە پێویستیم لە کەرتی خانووبەرە | 11 | 43 | 24 | 35 | 36 | 3.28 | 1.31 | 65.64 | دڵنیانیم |
| | 7.38 | 28.86 | 16.11 | 23.49 | 24.16 | | | | |
| سۆشیاڵ میدیا توانای بەراوردکاریم بۆنارەخسێنێت پێش کڕینی ئەو موڵکەی لەگەڵ خواستەکانما دێتەوە | 8 | 41 | 32 | 48 | 20 | 3.21 | 1.15 | 64.16 | دڵنیانیم |
| | 5.37 | 27.52 | 21.48 | 32.21 | 13.42 | | | | |
| لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (فەیسبوك) زیاتر بڕیاری کڕینم لەلا دروست دەکات بەراورد بە تۆڕەکانی ئینستاگرام، تویتەر، یوتوب، ..هتد | 21 | 27 | 23 | 57 | 21 | 3.20 | 1.29 | 64.03 | دڵنیانیم |
| | 14.09 | 18.12 | 15.44 | 38.26 | 14.09 | | | | |
| سۆشیاڵ میدیا زیاتر بڕیاری کڕینم بۆ دروستدەکات بەراورد بە میدیا نەریتییەکانی وەك تەلەڤزیۆن، ڕۆژنامە، ڕادیۆ | 10 | 39 | 32 | 51 | 17 | 3.17 | 1.14 | 63.49 | دڵنیانیم |
| | 6.71 | 26.17 | 21.48 | 34.23 | 11.41 | | | | |
| بڕیاری کڕینم بۆ جۆری ئەو خانووبەرەیەی کە خواستەکانم تێردەکات پەیوەست نییە بەئەزموونی پێشترم لە کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەدا | 18 | 41 | 28 | 46 | 16 | 3.01 | 1.23 | 60.13 | دڵنیانیم |
| | 12.08 | 27.52 | 18.79 | 30.87 | 10.74 | | | | |
| لەڕێگەی فەیسبوکەوە دەتوانم بەئاسانی بەدوای ئەو موڵکەدا بگەڕێم کە دەخوازم بیکرم | 20 | 38 | 29 | 53 | 9 | 2.95 | 1.18 | 59.06 | دڵنیانیم |
| | 13.42 | 25.50 | 19.46 | 35.57 | 6.04 | | | | |
| دروستبوونی بڕیاری کڕینم بۆ خانووبەرە لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە پەیوەست نییە بە وەرگرتنی بۆچوونی کەسانی نزیکم وەك خێزان و هاوڕێ و هاوکارانم | 19 | 38 | 41 | 41 | 10 | 2.90 | 1.14 | 57.99 | دڵنیانیم |
| | 12.75 | 25.50 | 27.52 | 27.52 | 6.71 | | | | |
| ئەو زانیارییانەی لە سۆشیاڵ میدیا | 29 | 35 | 29 | 46 | 10 | 2.82 | 1.25 | 56.38 | دڵنیانیم |
| | 19.46 | 23.49 | 19.46 | 30.87 | 6.71 | | | | |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بڵاودەکرێنەوە دەربارەی خانووبەرە هاوکاریم دەکات لە دروستکردنی بڕیاری کڕین | | | | | | | | | |
| بڕیاری کڕینمبۆ کەرتی خانووبەرە پەیوەستە بە دەستەبەرکردنی خواستەکانم لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە | 15 | 51 | 45 | 35 | 3 | 2.73 | 1.00 | 54.63 | دڵنیانیم |
| | 10.07 | 34.23 | 30.20 | 23.49 | 2.01 | | | | |
| کۆی گشتی | 188 | 503 | 463 | 702 | 379 | 3.26 | 1.16 | 65.20 | دڵنیانیم |
| | 8.41 | 22.51 | 20.72 | 31.41 | 16.96 | | | | |
| پێوەری لیکارت بۆ (5) بژاردەیی: (1.0- 1.79: هیچ هاوڕانیم)، (1.80- 2.59: هاوڕانیم)، (2.60- 3.39: دڵنیانیم)، (3.40- 4.19: هاوڕام)، (4.20- 5.0: تەواو هاوڕام) | | | | | | | | | |

خشتەی (٥) پەیوەندیی سامپڵ بە بڕیاری کڕینی خانووبەرە ڕوون دەکاتەوە، کە لە (١٥) بڕگە پێکهاتووە، بەشێوەیەکی گشتی دەردەکەوێت، ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (تەواو هاوڕانیم) دەکاتە (8.41%)، ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هاوڕانیم) دەکاتە (22.51%) هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (دڵنیانیم) دەکاتە (20.72%)، لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (هاوڕام) دەکاتە (31.41%)، ڕێژەی وەڵامدانەوە بۆ بژاردەی (تەواو هاوڕام) دەکاتە (16.96%)، هەروەها ناوەندی ژمارەیی بریتییە لە (3.26) کە بەگوێرەی (پێوانەی لیکاردی پێنج بژاردەیی) ئەنجامی ئەم بڕگانە لە لایەن ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە دەکاتە (دڵنیانیم)، هەروەها گرنگی ڕێژەییەکەشی (Relative Important) دەکاتە (65.20%) کەواتە گرنگی ڕێژەی هەیە لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە، هەروەها لادانی پێوانەیی دەکاتە (1.16).

بەگوێرەی ڕیزبەندی ناوەندی ژمارەیی بڕگەکان، لە ڕیزبەندی یەکەمدا مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی تەواو هاوڕان لەسەر ئەوەی کە داهاتیان دروستکردنی بڕیاری کڕینیان دیاریدەکات لە کەرتی خانووبەرە، ئەمەش ئاماژەیەکی دیارە کە مامۆستایانی زانکۆ بە زۆرینە بوون بە خاوەندارێتی خانووبەرە دەگێڕنەوە بۆ زۆری داهات، ئەوەش لە کاتێکدایە لە ئێستادا بەهۆی زۆری پرۆژە نیشتەجێبییەکان و زۆری کێبڕکێکارانەوە ئەو کەسانەشی داهاتێکی تاڕادەیەك مامناوەند و نزمیشیان هەیە دەتوانن ببن بە خاوەنی یەکەی نیشتەجێبوونی خۆیان لەڕێگەی کڕین بەشێوازی قیستی درێژخایەن. هەروەها لە ڕیزبەندی دووەمدا ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە بە زۆرینە لەگەڵ ئەوەدان کە دروستبوونی بڕیاری کڕینیان بۆ کەرتی خانووبەرە لە سۆنگەی هەستکردنیانە بە بوونی کێشە یاخود تێرکردنی پێویستییان، ئەمەش بەرجەستەی ئەو ڕاستییە دەکات کە خانووبەرە لای سەرجەم چین و توێژەکان بەگشتی و مامۆستایانی زانکۆ بەتایبەتی بەیەکێك لە کێشە سەرەکییەکان دادەنرێت، کە پێویست دەکات پڕبکرێتەوە، هەر ئەوەشە وایکردووە مرۆڤ بە درێژایی ژیانی کاربکات و هەوڵ بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێویستییەی بدات کە بریتییە لە شوێنێکی نیشتەجێبوونی تایبەت بە خۆی تاوەکو سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی تێیدا بژین. لە کۆتا ڕیزبەندیشدا مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی دڵنیانین و تاڕادەیەک ڕەتیدەکەنەوە کە بڕیاری کڕینیان لە کەرتی خانووبەرە پەیوەست بێت بە دەستەبەرکردنی خواستەکانیان لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خواستەکانی مامۆستایان لە سۆشیاڵ میدیادا جیاوازە، ڕەنگە خواستی مامۆستایان ئەوەبێت دەستیان بە هەرزانترین جۆری موڵک بکەوێت لە سۆشیاڵ میدیا بە کەمترین کات و تێچوون، هەروەها ڕیزبەندی موڵك بەپێی داهاتی ئەوان بخرێنەڕوو، کە ئەوەش لە سۆشیاڵ میدیادا ئەستەمە بۆ هەموو تاکێك خواستەکان پۆلێن بکرێن.

## تەوەری چوارەم: پەیوەندیی و ڕۆڵی بازاڕگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا لەسەر یەکلاکردنەوەی کڕینی خانووبەرە

### 1. <u>پەیوەندیی نێوان بازاڕگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا لەسەر یەکلاکردنەوەی کڕینی خانووبەرە</u>

**خشتەی (٦)**

**پەیوەندی نێوان بازاڕگەری سۆشیاڵ میدیا لەسەر یەکلاکردنەوەی کڕینی خانووبەرە ڕووندەکاتەوە**

| گۆڕاوەکان | یەکلاکردنەوەی کڕینی خانووبەرە | | |
|---|---|---|---|
| | پەیوەندی (الارتباط) | ئاستی بەڵگەداری ( الدالة الاحصائية) (P-value) | |
| **بازاڕگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا** | 0.695 | 0.000 | 0.05 > |

بەسەرنجدان لە خشتەی (٦) دەردەکەوێت، کە پەیوەندیەکی ئاماری بەڵگەداری هەیە لە نێوان (بازاڕگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا لەسەر یەکلاکردنەوەی کڕینی خانووبەرە لای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە) کە بەهاکەی دەکات (0.695) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندیەکی ئاماری ڕاستەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان (بازاڕگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا لەسەر یەکلاکردنەوەی کڕینی خانووبەرە) هەروەها پەیوەندیەکی بەڵگەدارە لەبەر ئەوەی (ئاستی بەڵگەداری -P-value ) بچوکترە لە بەهای (0.05).

### 2. ڕۆڵی بازاڕگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا لەسەر یەکلاکردنەوەی کڕینی خانووبەرە لای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە

**خشتەی (٧)**

**ڕۆڵی بازاڕگەری لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیا لەسەر یەکلاکردنەوەی کڕینی خانووبەرە روون دەکاتەوە**

| نموذج Model | المعلمات B | تاقیکردنەوەی ت | ئاستی بەڵگەداری | معامل التحديد | ANOVA Table (F-test) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | درجه الحريه | بەهای تاقیکردنەوەی ف | |
| | | T(اختبار) T-test | (الدلاله) Sig. | $R^2$ | D.F | Fقيمة | |
| **جێگیر(ثابت)** | **1.038** | **5.394** | **0.000** | **0.483** | **1** | **137.176** | |
| **بازاڕگەری سۆشیاڵ میدیا** | **0.68** | **11.712** | **0.000** | | **147** | **0.000** | **Sig.(الدلاله)** |

خشتەی (٧) ڕۆڵی بازاڕگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا لەسەر یەکلاکردنەوەی کڕینی خانووبەرە لە ڕێگەی مۆدێلی ( Regression Model)، بەگوێرەی بەهای تاقیکردنەوەی ف (ANOVA Table -F-Test): ڕوونی دەکاتەوە ئەم داتایە گونجاوە بۆ مۆدێلی (Regression Model) چونکە ئاستی بەڵگەداری (.Sig) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (مستوى المعنوي) ی (0.05).

بەگوێرەی (تاقیکردنەوەی ت) بۆ (بازاڕگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا) دەکاتە (11.712) هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداری (0.000) دەردەکەوێت کە (بازاڕگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا) ڕۆڵی هەیە لەسەر یەکلاکردنەوەی کڕینی خانووبەرە لەلای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە، لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (.Sig) بچوکترە لە (0.05).

هەروەها بەگوێرەی بەهای (معامل التحديد-R2) کە دەکاتە (0.483) واتە بەڕێژەی (48.3%) بازاڕگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا ڕۆڵی هەیە لەسەر یەکلاکردنەوەی کڕینی خانووبەرە لەلای ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە.

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1. لە سۆنگەی ئەنجامەکانەوە دەردەکەوێت، کە ئاستی گرنگیپێدان بە بازاڕگەری لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیا لای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بۆ کەرتی خانووبەرە لە پلەیەکی بەرزدایە، ئەمەش تاڕادەیەك بەرجەستەی هەژموونی سۆشیاڵ میدیا دەکات لەلای چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و مامۆستایانی زانکۆ وەک توێژێکی بژاردە بەتایبەتی.
2. ئەنجامەکان بەرجەستەی پشتبەستنی مامۆستایانی زانکۆ دەکات سەبارەت بە دەستکەوتنی زانیاری بۆ جۆری خانووبەرە بەردەستەکان لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە، ئەوەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە دامەزراوە و نوسینگەکانی خانووبەرە بۆ گەیشتنیان بە جەماوەری بەکاربەر و کڕیار بە تەواوەتی پشتی پێدەبەستن.
3. پلاتفۆرمی فەیسبوک زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەلای مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی، بەڵام بۆ دروستبوونی بڕیاری کڕین لە کەرتی خانووبەرە، لە ئاستێکی بەرزدا مامۆستایان پشتی پێنابەستن، ئەوەش بۆ کەمی متمانەکردن دەگەڕێتەوە بەرامبەر پەیامی بازرگانی دامەزراوە و نوسینگەکانی خانووبەرە لە فەیسبوک.
4. مامۆستایانی زانکۆ لە ئاستێکی مامناوەندا پشت بە سۆشیاڵ میدیا دەبەستن بۆ یەکلاکردنەوەی بڕیاڕی کڕینی خانووبەرە، لێرەشەوە تاڕادەیەك بەرجەستەی بوویەری بەربڵاوی سۆشیاڵ میدیا دەکات لەناو کۆمەڵگە، بە تایبەتی پلاتفۆرمی فەیسبوک.
5. پەیوەندییەکی ئاماری ڕاستەوانە هەیە لە نێوان (بازاڕگەری لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیا لەسەر یەکلاکردنەوەی کڕینی خانووبەرە)، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ هەبوونی ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە یەکلاکردنەوەی کڕینی خانووبەرە، ئەوەش بۆ گرنگیپێدانی کۆمپانیا و نوسینگەکانی خانووبەرە دەگەڕێتەوە بە سۆشیاڵ میدیا لە خستنەڕووی موڵکدا.

**ڕاسپاردەکان:**

1. بەهۆی ئەو ڕۆڵە دیارەی سۆشیاڵ میدیا لەسەر کایە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە هەیەتی، پێویستە گرنگی زیاتر بە خوێندنی سۆشیاڵ میدیا بدرێت لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی زانکۆ پەیمانگاکان لە هەرێمی کوردستان.
2. توێژەران و خوێندکارانی بەشەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵا توێژینەوەی زیاتر ئەنجام بدەن بۆ زیاتر دەرخستنی ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لەسەر کایە جیاوازەکان بەگشتی و بازاڕگەری بەتایبەتیلە کەرتی خانووبەرەدا.
3. دامەزراوە و نوسینگەکان و فرۆشیارانی خانووبەرە بۆ بەرەوپێشبردنی بازاڕیان، زیاتر پشت بەو توێژینەوە زانستییەکان ببەستن کە هاوکارییان دەکات لە ساغکردنەوەی موڵکەکانیان لەڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

**کتێب:**

حەمەسەعید، نەزاکەت حسین. (٢٠٢٠). بازاڕگەری و بازاڕگەری میدیایی، چاپخانەی کارۆ.

عەلی، نەهرۆ. (٢٠١٦). مارکێتینگ – بازاڕکاری، چاپی سێیەم، هەولێر، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن.

گۆدەرزی، سیاوەش. (٢٠١٢). پێشوەچوونە میدیاییەکان، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

**توێژینەوە:**

ئەحمەد، نەوشیروان فەرەج. (٢٠٢١): ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بازاڕگەری بۆ زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن.

صابر، ظاهر حمدأمین. (٢٠٢٢): ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی لە هاندانی بڕیاری کڕین لای قوتابیانی زانکۆ، تێزی دکتۆرا بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئەدەبیات، زانستی ڕاگەیاندن.

### دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

**کتێب:**

الجريسي، خالد بن عبدالرحمن. (٢٠٠٧). سلوك المستهلك، ط٣، الرياض، فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية.

الطائي، حميد. العسكري، احمد شاكر. (٢٠٠٨). الاتصالات التسويقية المتكاملة مدخل استراتيجي، الاسكندرية، دار اليازوري للنشر التوزيع.

العبدلي، قطان. العلاق، بشير. (١٩٩٨). التسويق اساسيات ومبادئ، عمان، دار زهران للنشر والتوزيع.

العمر، محمد. (٢٠٢٠). الانترنت والمجتمع، الجمهورية العربية السورية، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية.

الغامدي، عبدالرحيم علي جعفر (٢٠١٥). التسويق الإستراتيجي (النظرية والتطبيق)، المملكة العربية السعودية – الطائف، فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية أثناء النشر.

الغفيلي، فهد بن عبد العزيز. (٢٠١٧). الإعلام الرقمي. أشكاله وظائفه وسبل تفعيله، الرياض- السعودية، مكتبة املك فهد الوطنية.

أمين، رضا. (٢٠١٥). الإعلام الجديد، القاهرة- مصر، دار الفجر للنشر والتوزيع.

زيدان، هالة و آخرون. (٢٠١٠). تقييم أنشطة التسويق الإلكتروني لدى الشركات الفلسطينية المساهمة العامة وأثر ذلك على أدائها التسويقي. جامعة النجاح الوطنية.

شمس الدين، فتحي. (٢٠١٣). شبكات التواصل الاجتماعي والتحول الديمقراطي في مصر، القاهرة، دار النهضة العربية.

صميدعي، محمود جاسم. يوسف، محمد رشاد. (٢٠٠٧). ادارة تسويق (تحليل ،تخطيط،رقابة)، ط 2، عمان، الاردن، دار المناهج للنشر و التوزيع.

عبد الرحيم، محمد عبدالله. (٢٠٠٧). التسويق المعاصر، القاهرة، حقوق الطبع والنشر محفوظة للمؤلف.

عبد الفتاح، علي. (٢٠١٤). الإعلام الاجتماعي، الأردن- عمان، دار اليازوري العلمية.

عواد، فاطمة حسين. (٢٠١١). الاتصال، الإعلام التسويقي، الأردن – عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع.

كنعان، علي عبد الفتاح. (٢٠١٤). الإعلام والمجتمع، عمان، دار الياوزي العلمية للنشر والتوزيع.

منصور، عصام. (٢٠٠٩). المدونات الإلكترونية مصدر جديد للمعلومات، بحثالمنشورة، كويت، قسم علوم المكتبات والمعلومات، كلية التربية الأساسية.

**تویژینەوە:**

أبو سويلم ، شرحبيل غالب حميد. (٢٠١٥): اعتماد طلبة الجامعات الأردنية على شبكات التواصل الآجتماعي للحصول على الأخبار والمعلومات، ماجستير غير منشورة، جامعة الشرق الأوسط، كلية الإعلام.

الرعود، عبدالله ممدوح مبارك. (٢٠١٢): دور الشبكات التواصل الاجتماعي في التغير السياسي في تونس ومصر من وجهة نظر الصحفيين الأردنين، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الشرق الأوسط، كلية الإعلام.

السديري، تركي بن عبدالعزيز. (٢٠١٤): توظيف شبكات التواصل الاجتماعي في التوعية الأمنية ضد خطر الشائعات، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، كلية العدالة الجنائية، قسم الدراسات الأمنية.

الصباغ، نور محمد وليد. (٢٠١٦): أثر التسويق الالكتروني على رضا الزبائن في قطاع الاتصالات، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الافتراضية السورية، قسم إدارة الأعمال التخصصي.

حسن، عبد الرحمن محمد سليمان. (٢٠١٤): أثر الإعلان الإلكترونيّ على السلوك الشرائي للمستهلك الأردني للسيارات، رسالة ماجستير غير المنشورة، جامعة الزرقاء، الأردن، كلية الدراسات العليا.

صالح، أشرف عصام فريد. (٢٠١٦): دور مواقع التواصل الاجتماعي في زيادة المعرفة بالقضايا السياسية لدى الشباب الجامعي الأردني، رسالة ماجستير غير المنشورة، جامعة الشرق الأوسط، كلية الإعلام.

لسود راضية. (2008): سلوك المستهلك اتجاه المنتجات المقلدة. دراسة حالة الجزائر. رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة منتوري، قسنطينة، كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التسيير.

نهاد، بوقنون وآخرون. (٢٠١٦-٢٠١٧): دور مواقع التواصل الاجتماعي في التعريف بالمقومات السياحة الجزائرية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة 8 ماي 1945، كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية، قسم العلوم الانسانية.

يسعد، رشيده. خلوف، صابرينة. (٢٠٢٠): تأثير مواقع التواصل الاجتماعي على السلوك الشرائي للطلبة الجامعيين الجزائريين، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة جيجل، كلية علوم الانسانية والإجتماعية، قسم علوم الاعلام والاتصال.

**پێگەی ئەلیکترۆنی:**

بيان إرشيد. (٧سبتمبر ٢٠٢١). ما هي أهداف التسويق، موقع رواد، على الرابط:-https://rouwwad.com/o/%D9%85%D8%A7-
%D9%87%D9%8A-
%D8%A3%D9%87%D8%AF%D8%A7%D9%81-
%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B3%D9%88%D9%8A%D9%82

خليف، سميحة ناصر. (٢٠ ديسمبر ٢٠٢٢). ما هي وسائل التواصل الاجتماعي، موقع موزوع، على الرابط:
https://mawdoo3.com/%D9%85%D8%A7_%D9%87%D9%8A_%D9%88
%D8%B3%D8%A7%D8%A6%D9%84_%D8%A7%D9%84%D8%AA%
D9%88%D8%A7%D8%B5%D9%84_%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8
%AC%D8%AA%D9%85%D8%A7%D8%B9%D9%8A

عبدالفتاح الحميدي . (٢٤ يناير ٢٠٢١). أهم أهداف التسويق والعملية التسويقية، موقع بزنس اليمن، على الرابط:
https://www.businessesyemen.com/2020/01/Marketing-goals.html

مجد الحليق. (١٨ سبتمبر ٢٠٢٢). مفهوم التسويق العقاري، موقع موضوع، على الرابط:
https://mawdoo3.com/%D9%85%D9%81%D9%87%D9%88%D9%85
_%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B3%D9%88%D9%8A%D9%82
_%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%82%D8%A7%D8%B1%D9%8A

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

**کتێب:**

David L. Mothersbaugh, Del I. Hawkins. (2016). CONSUMER BEHAVIOR: BUILDING MARKETING STRATEGY, 13th edition, USA, McGraw-HillEducation.

eMarketing institute. (2018). Social Media Marketing Fundamentals, Denmark,Copyright for eMarketing Institute.

Golbeck, Jennifer. (2015). Introduction to Social Media Investigation A Hand-on Approach, USA- Waltham, Elservier Inc.

Looy, Amy Van. (2016). Social Media Management, Switzerland, Springer International Publishing.

Lake, Laura. (2009). Consumer Behavior For Dummies, Canada, Wiley Publishing, Inc.

**تویژینەوە:**

Reddy, Vijay Paul. (2014): The Influence Of Social Media On Internashional Students Choice Of Univesity And Course, unpublished master, Queensland University of Technology, Science & Engineering Faculty, School of Information Systems.

**پێگەی ئەلیکترۆنی:**

Nasradin,Ahmed. (17 april 2022). Goods: Definition, Importance, Types, Retrived 10 January, 2023 from https://penpoin.com/goods/

Marketing Objectives: types, Goals, Examples. (n.d). Studious Guy. Retrieved 12 November, 2022 from https://studiousguy.com/marketing-objectives/

WutzkeMacKenzie. (23 november 2021). 20 Important Social Media Marketing Benefits You Need,Retrived 14 December, 2022 fromcoschedule blog: https://coschedule.com/blog/benefits-of-social-media-marketing-for-business